# جەنگەکان لە پێناوی نەوتدا شکستیان هێنا

## پرۆسەی ئازادی عیراق لەبەرئەوەبوو کە سێیەمین یەدەگی نەوتە دوای ڤەنزوێلاو سعودیە

ن: ژۆن پیەر سرنی بۆ فارسی: باقرجەهانبانی لە فارسییەوە: لوقمان ئەبوبەکر فەتاح

IDEA DEPLOMATIC

ئایا جەنگی عێراق کە لە مانگی مارسی 2003دا لانیکەم (650) هەزار کوژراو و یەک ملیۆن و (800)هەزار پەناخواز و ئاوارەی لێکەوتەوە، جەنگێک بووە لە پێناو دەستبەسەراگرتنی سەرچاوە نەوتیەکانی ئەو وڵاتە؟ ئەمە بۆ خەڵکی عێراق بابەتێکی روونە و بۆ «گەمەکانی پنتاگۆن»یش، لێکدانەوەیەکی هەڵەیە.

سەرباری تکۆڵی لێکردنی جۆرج بوش و دیک چینی جێگری و دۆناڵد رامسفێلدی وەزیری بەرگری و هاوپەیمانە وەفادارەکەیان تۆنی بلێری سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی بەریتانیا، بە گوێرەی کۆمەڵە بەڵگەنامەیەکی نهێنی ئەمریکا کە لەم دوایانەدا بڵاوکراوەتەوە(1) ئێستا دەتوانرێ بوترێت کە وەڵامی ئەم پرسیارە پۆزەتیڤە.

بوش لەکاتی رۆشتنیدا بۆ کۆشکی سپی لە کانونی دووەمی ساڵی (2001)، لەگەڵ گرفتێکی دێرین واتا نەبوونی هاوسەنگی نێوان خواستی نەوت، بە لەبەرچاو گرتنی گەشەی خێرایی وڵاتانی تازەگەشەکردوی وەکو چین و هندستان و خستنەرووی نەوت کە نەدەگەیشتە ئاستی خواستەکان، رووبەڕوو بوو. کەنداو بە یەدەگی فراوانی سعودیە، ئێران، عێراق



و وڵاتانێکی بەرهەمهێنەری دیکەی وەکو کوەیت و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی کە ڕێژەی لە 60%ی یەدەکی نەوتی جیهان پێکدەهێنن، تەنها ڕێگەچارەی گرفتەکە نەبوونی ناهاوسەنگی بوو.

**هیچ کام لە کارمەندەکانی ئیکسۆن حەز ناکەن «لەپێناو بیرە نەوتێکدا» بکوژرێن**

بە هۆکاری دارایـی یـان سیاسی، بەرهەمهێنانی نەوت زیاد بوونی نییە. لـە نیمچە دورگـەی عەرەبستان، سێ خانەوادەی دەسەڵاتدار، ئال سعود، ئال سەباح و ئال نهیان(سەرباری کەمی ڕێژەی دانیشتوانەکەیان) بە ئاستی بەرهەمهێنانی نزم و داهاتی سەرچاوەگرتوو بەو ڕازین و لایـان باشترە نەوتی خاو لە زەویدا بهێڵنەوە. ئێران و عێراق پێکەوە یەک لە سەر چـواری یەدەگی نەوتی جیهان پێکدەهێنن دەتوانن جیاوازی نێوان خواست و خستنەڕوو قەرەبوو بکەنەوە، بەڵام سزاکانی ئەمریکا لە دژی ئێران و سزا جیهانیەکان بەرامبەر بە عێراق بووەتە کۆسپ لە بەردەم بەدەستهێنانی کەرەستەی نەوتی و خزمەتگوزاری هەنوکەیی نەوتیدا و لـەو ڕووەوە کە ئەمریکا ئـەوان بە دەوڵەتە (سەرکێشەکان) لەقەڵەم دەدات ئامادە نییە کۆتایی بە سزاکان بهێنێت.

کـە واتـە چـۆن دەتـوانـرێـت بەبێ خستنەمەترسی سەرتر بوونی ئەمریکا لە ناوچەکە، نەوتێکی زیاتر لە کەنداو دەربهێنرێت؟ موحافزکارە نوێیەکان، لـە بنـەڕەتدا، ڕۆشنبیرانی بێشەرمی دیموکراتی ڕاکێشراوی ئیمپریالیزم – دوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت لـەو بـڕوایـەدان، کە ڕێگەچارەیەکیان دۆزیوەتەوە. ئەوان هەرگیز بڕیارەکانی جۆرج بوشی باوک، سەرۆکی سەردەمی شەڕی کەنداو لە ساڵی 1991، سەبارەت بە نـەڕوخـانـی سـەدام حسێنیان قبوڵ نەکرد. لە چەندین نامەی کـراوەدا بۆ بیل کلینتۆن بە ئیلهام وەرگـرتـن لە « پـرۆژە بۆ سـەدەی نوێی ئەمریکایی (پی ئێن ئەی سی)»، لە ساڵی (1998)

> کۆگا نەوتیەکان لە ژێر چاودێری حکومەتی فیدراڵدا ئیدارە دەکرێت، بەڵام مۆڵەتی سودوەرگرتنی تازە لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمدایە

وە، داوای گۆڕینی ڕژێمی عێراقیان کرد. **ڕێبازی موحافزکارە نوێیەکان سادەیە:** دەبێت بە زۆر سـەدام حسێن لـە بەغداد دەربکرێت و کۆمپانیا گەورە ئەمریکیەکان بچنە ناو عێراقەوە. لە ساڵی 2001وە، چەند کەس لە ڕاوێژکارانی ئەو پرۆژەیە لە ئەندامانی کابینەی حکومەتی نوێی کۆماریخوازەکاندان.

ساڵی دواتر، یەکێک لەوان، داگلاس فیس، پارێزەرێکی لـێزان و جێگیری رامسفێڵد وەزیری بەرگری، پسپۆڕیەتی داهاتووی پیشەسازی نەوتی لە عێراق گرتە ئەستۆ.یەکەمین بڕیاری ناوبراو سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی پیشەسازی نەوتی عێراق دوای سەرکەوتنی جەنگ بە کۆمپانیای کلۆگ براون و ڕۆت (کی بی ئار) بوو کە سەر بە کۆمپانیای هالی بێرتۆنی ئەمریکی بوو و ماوەیەکی زۆر لەلایەن دیک چینیەوە بەڕێوە دەبرا. بەرنامەی ئەو پاراستنی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق لە ئاستی بەرهەمهێنانی ساڵی 2003دا، واتـا(84.2) ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژدا و بە مەبەستی ڕێگرتنی لە هەرەسهێنان و دروستکردنی پشێوی لە بازاڕەکانی جیهاندا.

مەسەلەیەکی تر کە پسپۆڕان کێشەیان لەسەری هەیە، پرسی تایبەتی کردنەوەی نەوتە لە عێراقدا. لە ساڵی (1972) کۆمپانیا بیانیەکان لەو بەشە لە کەرتی نەوتی عێراق بە تەواوەتی بەهرەمەند بوون، چونکە عێراقییەکان سەرکەوتوانە پێشی دەخـەن. سـەربـاری دوو جەنگ – لەگەڵ ئێران لە ساڵەکانی (1980 – 1988) و جەنگی کوەیت لە ساڵەکانی (1990 – 1991) – و زیاتر لە 15 ساڵ گـەمـارۆدان، عێراقیەکان توانیان لە سەرەتاکانی ساڵی (2003)دا ئاستی بەرهەمهێنانیان بگەیننە ئاستی ساڵەکانی (1979 – 1980) کە ژمارەی پێوانەییە لە دۆخی ئاسایی ئاشتیخوازانەدا.

دوو بـژارە خرایە بـەردەم سیاسەت داڕێژەرانی واشنتۆن و لەندەن: گەڕانەوە بۆ سیستمی ئیمتیازی بەر لە خۆماڵی کـردنـەوەی نـەوت لە ساڵی (1972) و یـان فرۆشتنی پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق(ئای ئێن ئۆ سی) بە شێوەی فرۆشتنی پشکەکانی نەوت لە ڕوسیا، کە بە شێوەی پێدانی پشکی شیاوی سپاردن بە خەڵک بێت. لە ڕوسیادا ئەو شێوازە بە خێرایی بوو بە هۆی هەڕاجکردنی نەوتی ڕوسیا، کە لە بەرژەوەندی ژمارەیەکی کەم لە ئۆلیگارشی(دەسەڵاتدارێتی کۆمەڵێکی دیاریکراو) ئەو وڵاتەدا بوو لەو ڕێگایەوە دەوڵەمەند بوون.

پـرۆژەی پێشنیارکراوی پنتاگۆن و وەزارەتـی دەرەوە لەلایەن جۆرج بوشی سەرۆکەوە لە کانونی دووەمـی(2003)دا پەسەند کرا.

جەی گارنێر، ژەنڕاڵی پیری ڕازاوە بە مـەدالـیـای کـۆن لـە بەڕێوەبەرێتی سەربازیدا، بوو بە پەرپرسی ئیدارەی عێراقی دوای سەدام حسێن، ئەو بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێشنیاری پسپۆڕان و بڕیاری لێبڕاوانە، زیاتر خۆی بە هەنگاوی کورتماوەوە دەبەستێتەوە.

## ریزبەندی وڵاتانی بە گوێرەی ڕێژەی یەدەگی نەوت لە جیهاندا

| پلە | وڵات | یەدەگی نەوت (بەرمیل) | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| ١ | ڤەنزوێلا | ٢٩٦,٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٪٢١,٩ |
| ٢ | سعودیە | ٢٦٤,٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٪١٩,٦٦ |
| ٣ | عێراق | ٢٦٠,٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٪١٦,٧٥ |
| ٤ | کەنەدا | ١٧٩,٦٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٪١٣,٢٩ |
| ٥ | ئێران | ١٣٨,٤٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٪١٠,٢٠ |
| ٦ | کوەیت | ١٠٤,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٪٧,٦٦ |
| ٧ | ئیمارات | ٩٧,٨٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٪٧,٢١ |
| ٨ | روسیا | ٧٩,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٪٥,٨٢ |
| ٩ | لیبیا | ٤٣,٦٦٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٪٣,٠٥ |
| ١٠ | نایجیریا | ٣٦,٢٢٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٪٢,٦٧ |
| ١١ | کازاخستان | ٣٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٪٢,٢١ |
| ١٢ | ئەمریکا | ٢٠,٩٧٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٪١,٥٤ |
| ١٣ | چین | ١٦,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٪١,١٨ |
| ١٤ | قەتەر | ١٥,٢١٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٪١,١٢ |
| ١٥ | جەزائیر | ١٢,٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٪٠,٩٠ |
| ١٦ | بەرازیل | ١٢,١٨٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٪٠,٩٠ |
| ١٧ | مەکسیک | ١١,٦٥٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٪٠,٨٦ |
| ١٨ | ئەنگۆلا | ٩,٠٣٥,٠٠٠,٠٠٠ | ٪٠,٦٧ |
| ١٩ | ئازەربایجان | ٧,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٪٠,٥٢ |
| ٢٠ | نەرویج | ٦,٨٦٥,٠٠٠,٠٠٠ | ٪٠,٥١ |

بە درێژایی ئەم قۆناغی ئامادەسازیە، کۆمپانیا گەورە نێودەوڵەتیەکان ناچالاک نامێننەوە. ریمۆن لی سەرۆکی ئێکسۆن مۆبیل، گەورەترین کۆمپانیای نەوتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و هاورێی دێرینی دیک چینی، خۆپارێزیەکانی بەرپرسانی پیشەسازی نەوت لەبەرامبەر چاوچنۆکی سەرمایەدارانندا دادەنێت. هەڵبەت بەرنامەی نەوتی عێراق کەڵکەڵە ئامێز و کاتییە بۆ پڕکردنی کۆگا نەوتیەکانی کۆمپانیای ئێکسۆن کە چەندین ساڵە زیادی نەکردوە. سەرباری ئەمە، گومانێکی تەواو جیاوازی لەخۆ گرتوە: ئایا جۆرج بوش توانای پێکهێنانی دۆخێکی هەیە بۆ ئەوەی کۆمپانیای ئێکسۆن بتوانێت بە ئاسایشی تەواوە لە عێراق جێگیر بێت؟ هیچ کام لەئەندامانی کۆمپانیای ئێکسۆن «ئامادە نین لە پێناو بیرەنەوتێکدا بکوژرێن». ئەندازیارانی کۆمپانیای ئێکسۆن بە موچەی زۆر و زەبەندەوە خەونی رازاوە و پڕ لە بریقەی بەسەربردنی قۆناغی خانەنشینی خۆیان لە کەنارەکانی فلۆریدا و کالیفۆرنیادا دەبینن، تاوەکو جێگیر بوونیان لە پەناگەکانی عێراقدا. ئاسایش پێویستی بە لایەنی مافیش هەیە: لەم دۆخەدا، گرێبەست دەتوانێت چ بەهایەکی هەبێت لە کاتێکدا چەندین ساڵ دەخایەنێت تا سەرمایەگوزاری ملیارەها دۆلاری بگاتە قۆناغی سود؟ لەو رووەوەیە کە کۆمپانیای ئێکسۆن بە شێوەیەکی موحافزکارانە دور دەگرێت.

لە لەندەن، کۆمپانیای پێشووی نەوتی بەریتانیا(بی پی) نیگەرانی پشکێکە کە پێیدەدرێت. لە ئۆکتۆبەری(2012) دا نوێنەرانی ئەو کۆمپانیایە نیگەران بوون بەرامبەر بە پێدانی پشکی زۆری نەوتی عێراق لەلایەن کۆشکی سپیەوە بە کۆمپانیا فەرەنسی، روسی و چینیەکان لە پێناو چاوپۆشیکردنیان لە مافی بەکارهێنانی ڤیتۆ لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان بەوەزارەتی بازرگانی. نوێنەری (بی پی) هاوار

دەکات»کۆمپانیای توتاڵی فەرەنسی خەریکە پێشمان دەکەوێت»(2). لە شوباتی (2003)دا ئەم نیگەرانیانە رەواونەتەوە. جاک شیراک سەرۆکی ئەوکاتی فەرەنسا پرۆژە بریارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش ڤیتۆ دەکات و سێهەمین جەنگی کەنداو بەبێ پاڵپشتی نەتەوەیەکگرتوەکان ئەنجام دەدرێت. ئیتر رێکەوتننامەی ئیمزاکراو لەلایەن سەدامەوە لەگەڵ توتاڵ و کۆمپانیاکانی دیکە کە هیچ کات جێبەجێ نەکران، لە ئارادا نییە، بەڵام پرۆژە بەرنامەی ئەم گرێبەستانە ئامادەیە.

حکومەتی ئەمریکا لە سەروبەندی هێرشکردنە سەر عێراقدا و بۆ دڵنیاکردنەوەی کۆمپانیاکانی ئانگلۆساکسۆن و دوو کەس لە ئەندامانی خۆی بۆ بەدواداچوون سەبارەت بە دۆسیەی نەوت راسپارد: گاری ڤگلێر (لە ئیکسۆن مۆبیل) و فیلیپ جی کارۆل(لە شێل) و تێری ئادامز لە (کۆمپانیای بی پی) جێگیر دەکرێن وئامانجی ئەم کارە بەرەنگاربوونەوەی سوڵتەی پنتاگۆن و لەو رێگایەشەوە سوڵتەی موحافزکارە نوێیەکانە، کە پیاوەکانی خۆیان لە تێکرای بەرپرسیارێتیەکان داناوە، بەڵام لە ناو حکومەتدا رووبەرووی گرفت کراونەتەوە. هەمووی ئەمانە بە روونکردنەوەی دەسەڵاتخوازی ئەمریکا، کە بە بەردەوامی لەنێوان دوو جەمسەردا یاری دەکات یارمەتیەک ناکات. لەلایەک بیرمەندان، ئایدیای سەیر و سەمەر دادەهێنن: دروستکردنی هێڵێکی بۆری بۆ گواستنەوەی نەوتی خاو لە عێراقەوە بۆ ئیسرائیل، تێکشکاندنی رێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپیک)، یان سەپاندنی عێراقی «ئازاد» وەکو ئەزمون ومۆدێلێکی نوێی دەوڵەمەند بە نەوت بەسەر تێکرای خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا و لەلایەکی دیکەوە ئەندازیاران و بازرگانان لەگەڕانیان بە دوای نەوتدا بۆچوون و تێڕوانینی واقعیانەتریان هەیە.

شۆکی هێرشی عێراق بۆسەر پیشەسازی نەوتی ئەو وڵاتە روخێنەر بوو. بەڵام نەک

> **تەنها بینای پارێزراو، وەزارەتی گەورەی نەوت بوو کە تێیدا پانزە هەزار کارمەند، بیست و دوو لقی نەوتی خاویان کۆنترۆڵ دەکرد**

هەر بە هۆی هەڵرژانی بۆمب و موشەک لەلایەن فرۆکە ئەمریکیەکانەوە، بەڵکو بە هۆی تالانکردنی عێراق لە هەموو بوارەکانی ئیدارەکان، قوتابخانەکان، زانکۆکان، ئەرشیڤەکان، کتێبخانەکان، بانکەکان، نەخۆشخانەکان، مۆزەخانەکان، تەنانەت کۆمپانیاکانیش. بۆ تالانکردنی مسی بەکارهێنراو لە دامەزراوە حەفارەییەکاندا، هەموویان تێکشکێنران، لە ئەنجامدا تەنها سەکۆ نەوتییە وێران بووەکان و پەیکەرە بەکارنەهاتووەکانیان مایەوە.

ئەو هەڵمەتانە لە( 20 )ی مارسەوە تا کۆتایی مانگی ئاياری (2003)، دە هەفتەی خایاند. یەک لەسەر سێی ئەو زیانانەی بەر پیشەسازی نەوت کەوتن بە هۆی هێرشەکانەوە و دوو لە سەر سێیشی دوای کۆتایی هێرشەکان ئەنجام درا.

**«گشتی بوونی تالانی، دزینی کەلوپەلەکان و سوتاندنی بیناکان»**

هەموو شتێک لە بەرچاو و لەبەردەم سوپای ئەندازیارانی ئەمریکیدا بە ناوی «ئار ئای ئۆ» (گەڕاندنەوەی نەوتی عێراق) و (500) کەس لە بەڵێندەرانی تایبەت و بە ناو راهێنراو بۆ پارێزگاریکردن لە دامەزراوە نەوتیەکان ئەنجامدران.

تەنها خێرایی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بوو بە کۆسپ لە بەردەم تەقاندنەوەی بیرە نەوتەکان لەلایەن لایەنگرانی سەدامەوە، بەڵام لە سەرەتاکانی مانگی حوزەیرانی (2003) کاری تێکدەری دەستپێکرد.

تەنها بینای پارێزراو، وەزارەتی گەورەی نەوت بوو کە تێیدا پانزە هەزار کارمەند، بیست و دوو لقی نەوتی خاویان کۆنترۆڵ دەکرد. بۆچی تەنها بیرە نەوت و وەزارەتەکانیان پاراست، نەک کۆمپانیا حکومییە بازرگانیەکانی نەوت (SOMO) کە بەرپرسی هەناردەی نەوت بوو، نەک کەلوپەل و کەرەستەکانی؟ بۆ داگیرکەران تەنها سامان لە عێراقدا یەدەکی نەوت بوو و کەرەستە و کارمەندان قازانجێکیان بۆ ئەوان نەبوو. بینای وەزارەتیش لە دوا هەلی کەمتەرخەمیاندا بە سەلامەتی رزگاری بوو، چونکە بەڵگە و داتاکانی زەوی ناسی (80 )ناوچەی دەوڵەمەن بە نەوت کە(115) ملیار بەرمیل نەوتی تێدا بوو و ئەوەی کە دەمایەوە، کەرەستەکان و کارمەندەکان هەمیشە دەتوانرێت بە کەرەستەی دروستکراوی ئەمریکا و کارزانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان جێگۆڕکێ بکرێت. بە تایبەت کە ئەم کاولکاریانە پێویستی بوونی ئەوان زیاتر دەکات.

شامر عەباس غەزیان، گەنجترین بەرێوەبەری وەزارەت، (3) رۆژ دواتر لە بینای بەتاڵی وەزارەت دەرکەوت، چونکە حکومەتێک بوونی نەبوو و لە نەبوونی وەزیردا وەکو کەسایەتی دووەمی دامەزراوەکە دانرا. سەرۆکایەتیەکەشی لە ئەستۆی میکایل مۆبس، موحافزکارێکی تر و کەسایەتی جێی متمانەی پنتاگۆن بوو.

سەردەمی پۆل بریمەر حاکمی ئەمریکی عێراق کە ئیدعایەکی زۆری هەبوو، کە بۆ ماوەی یەکساڵ (لە ئایاری 2003 وە بۆ حوزەیرانی 2004) دەسەڵاتی تەواوی

پێدرا، خراپترین سەردەمی پیشەسازی نەوتی عێراق لە سەرەتای دامەزرانیەوە لە (70) ساڵ پێشدا بووە. دابەزینی بەرهەمهێنانی یەک ملیۆن بەرمیل لە رۆژدا، یان یەک لە سەرسێی بەرهەمهێنانی بەر لە جەنگ و بە کورتهێنانی زیاتر لە (13) ملیار دۆلارەوە. کێڵگە نەوتیەکان و کەرەستەکان کە بە کەمتر لە 3 هەزار و 500 مەدەنی و بەبێ هیچ ئامێرێکی سەربازیەوە دەپارێزرا، بە بەردەوامی دەستدرێژی دەکرێتە سەر کە خەرجیەکەی زیاتر لە( 7) ملیار دۆلار، بەراورد دەکرێت( لە 140 حاڵەتەوە لە نێوان مانگی ئایاری 2003 و ئەیلولی 2004). غەزبان وەها دەڵێت:»کەرەستە و بیناکان بە زۆری تالان کرابوون یان سوتێنرابوون و پاڵاوگەی (دۆرە) لە نزیک بەغدا بە هۆی زیان بەرکەوتنی هەزاران کیلۆمەتر بۆری نەوتی سەرتاسەری تەنها جارجارە لە بواری نەوتی خاوەوە دابین دەکرا. تەنها رێگەچارەی مومکین سوتاندنی نەوتی ناو ئەو بۆریانە تا دوایین دڵۆپ و چاککردنەوەیان بوو..» سەرباری ئەوەی موچەی کارمەندەکان نەدرابوو، «دۆرە» لە کارنەکەوت و ئەوەش شاکار بوو.

سەختترین گورز لە گروپی رێبەرانی پیشەسازی نەوتی عێراق درا. تا ساڵی (1952) بە کردەوە تێکڕای کارمەندانی کۆمپانیا نەوتیەکانی عێراق بیانی بوون (عێراق پترلیۆن کۆمپەنی). «ئاپارتایدێکی» راستەقینە، ڤێلا و چیمەنە رازاوەکانی (کۆمەڵگەی ئاپارتمانی) دەورودراو و پارێزراو، تایبەت بە بیانیەکان بوو لە کاتێکدا کرێکارانی عێراقی لە نزیک گەڕەکە هەژارنشینەکان نیشتەجێ کرابوون، لە ساڵی (1952)، ململانێ لەگەڵ وڵاتی ئێرانی دراوسێ و محەمەد موسەدیق بووە هۆی پێداچوونەوەیەکی کەم لە پەیوەندی کۆمپانیای نەوتی عێراق لەگەڵ بەغداد. یەکێک لە بەندەکانی پەیماننامەی نوێ راهێنانی کادیرە عێراقیەکان بوو. 20 ساڵ دواتر سێ لە سەر چواری نزیکەی (1000) پسپۆڕ، عێراقی بوون کە ئەوەش نیشانەی

**لە نێوان (2) پایتەختەکەدا لە پەرەسەندندایە، بە تایبەت کوردستان دۆخێکی زۆر گونجاوتر لە بەغدادی هەیە بۆ کۆمپانیا بیانیەکان**

سەرکەوتووبوونی خۆماڵی کردنەوەی پیشەسازی نەوت بوو، لە ساڵی (1972) کۆمپانیای نیشتمانی نەوت تێکڕای کۆگا نەوتیەکان وەردەگرێتەوە و ئاستی بەرهەمهێنان دەگاتە ژمارەیەکی بێوێنە.

**پەرلەمان بە پشتیوانی رای گشتی لە بەرامبەرتاییەتی کردنەوەدا خۆڕاگری دەکات**

واشنتۆن بە کەڵکەڵەی بەرامبەر بە پێشینەی ریشەکێشکردنی نازیەکان لە ئەڵمانیا دوای جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی (1945)، ریشەکێشکردنی بەعسیەکانی خراپتر لە نازیەکان لە عێراق خستەبواری جێبەجێکردنەوە. تەنها ئەندامبوون لە حزبی بەعس لە ساڵەکانی 1986 بۆ 2003 دەبووە هۆی دورخستنەوە لەکارو خانەنشینکردنی زۆرەملی و خراپتر لەوەش، (17) کەس لە بەڕێوەبەرە گشتیەکانی کۆمپانیای نەوت و هەروەها چەند سەدەمین ئەندازیار، ئەوانەی کە لە(25) ساڵی رابردودا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتیان لە بارودۆخی ترسناکدا راگرتبوو، دەرکران. گروپی دامەزرێنەرانی کۆمپانیای نەوت لەلایەن لیژنەی ریشەکێشکردنی بەعسەوە بە سەرۆکایەتی تاراوگەنشینانی ئەوکات بە تایبەت نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێستا کە ماوەی 24 ساڵ لە دەرەوەی وڵات بوو، دەرکردوە و لایەنگرانی خۆی لە شوێنەکەیان داناوە.

ماک کی جێگرەوەی کارۆل لە پۆستی کلیدی راوێژکاری نەوتی حاکمی ئەمریکایی، لەسەرەتای رۆشتنیدا تێگەیشت کە»ئەو کەسانەی کە ئێستا لەسەر کارن هیچ جۆرە پسپۆڕێکیان نیە و تەنها بە هۆکاری ئاینی یان گەمەی سیاسی و پەیوەندی دۆستایەتی لەو شوێنە دانراون، ئەو کەسانەی کە لە سەردەمی سەدام حسێندا پیشەسازی نەوتی ئەو وڵاتەیان بەڕێوەدەبرد و دوای روخانەکەشی ئەو کەرتەیان بوژاندەوە بە شێوەی سیستماتیک دەرکران.(3)

ئەم پاکتاوکردنە بەبێ هیچ گرفتێک دەرگای بەڕووی هاتنەناوەوەی راوێژکارانی جۆراجۆردا کردەوە کە زۆربەیان ئەمریکی بوون. بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای نەوت، بڕیارنامە و راپۆرتگەلێکیان بڵاوکردەوە کە تێکڕایان بە ئیلهام لە کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان وەرگیرابوون، بەبێ لەبەرچاوگرتنی کردەکانی ئەوان.

داڕشتنی دوو دەقی بنەڕەتی، یەکێک دەستوری نوێ و ئەوی دیکە یاسای نەوت بوو کە دەرفەتی ئەوەی بەواندا کە رێسای گەمەکە تێکبدەن. مانەوەی حکومەتێکی تاک سەنتەری ناوەندی بەهێز هەر لە سەرتاوە مەحکومە، واشنتۆن بە ناوی خەبات لە دژی دیکتاتۆری و ئەنجامدانی تاوان لە دژی کورد دژی هەبوونی حکومەتێکی ناوەندی تاک سەنتەرە لە بەغداد. حکومەتی تازەی فیدراڵی و تەنانەت کۆنفیدراڵیش، تا ئاستی وێرانکردنی پێکهاتەی ناوەندی جێگیر دەبێت. لە هەر کام لە 3 ناوچە سەرەکیەکەی عێراقدا، رێژەی دوو لە سەرسێی دەنگەکان بەسە بۆ ئەوەی دژی هەرجۆرە دەوڵەتێکی تاک

سەنتەر بووەستنەوە .

بەڵام تەنها کوردستان خاوەنی وەها توانا و ئیمکان و خواستێکە. دەسەڵات سەبارەت بە نەوت بە کردەوە لە نێوان بەغداد و هەولێردا، پایتەختی حکومەتی فیدراڵی کوردستان(کە لە دەستوردا پێناسەی تایبەت بە خۆی هەیە) دابەش دەکرێت. کۆگا نەوتیەکان لە ژێر چاودێری حکومەتی فیدراڵدا ئیدارە دەکرێت، بەڵام مۆڵەتی سودوەرگرتنی تازە لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمدایە، گرفتێکی گەورە لە نێوان (2)پایتەختەکەدا لە پەرەسەندندایە، بە تایبەت کوردستان دۆخێکی زۆر گونجاوتر لە بەغدادی هەیە بۆ کۆمپانیا بیانیەکان، ئەو کۆمپانیا گەورانەی کە لە کوردستان کاری وەبەرهێنان دەکەن، بەشێکی بەرچاوی بەرهەمهێنانەکەیان لە سالانی سەرەتای گرێبەستەکاندا دەبەن. ئەمەش هەمان پرۆژەیە کە ئەمریکا هەر لە سەرەتاوە بەنیاز بوو جێبەجێی بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

پەرلەمان کە رووبەڕووی رەخنەش بیوویەوە بە پشتیوانی ئەو رای گشتیەی کە مێژووی کۆمپانیا نەوتیەکانی فەرامۆش نەکردبوو لەگەڵ ئەو پرۆژەیە دژایەتی کرد. تارق شەفیق کە بە باوکی کۆمپانیای نیشتمانی نەوت ناسراوە لە بەردەم کۆنگرێسی ئەمریکا، هۆکاری تەکنیکی دژایەتیکردنەکەی روونکردەوە(4) کۆگاکانی نەوت بە سنوری دیاریکراوەوە ناسراون، بۆیە هیچ مەترسیەکیان بۆ کۆمپانیا بیانیەکان نییە، بە گوێرەی پێناسەکە خەرجی دۆزینەوە لە ئارادایە نییە و دەرهێنانی ئەو یەدەگی نەوتی عێراق یەکێک لە هەرزانترین دەرهێنانەکانە لە ئاستی جیهاندا. لەساڵی 2008وە بەغداد کۆمەڵێک گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکان واژۆ کرد کە زۆر جێگەی سەرنجی کۆمپانیاکان نییە، دوو دۆلار لە هەر بەرمیلێکدا بۆ یەدەگی گەورە و بەبێ هیچ مافێک لە خودی یەدەگەکەدا، سەرباری ئەوەش ئیکسۆن مۆبیل، بی پی، شێل، تۆتاڵ و گروپەکانی روسیا، چین، ئەنگۆلا، پاکستان و تورکیا، بەو هیوایەی کە لە داهاتوودا هەموو شتێک لە بەرژەوەندی ئەواندا بشکێتەوە، بە پەلە شالاوی ئیمزاکردنی گرێبەستیان دەستپێکردوە. نیوز ویک لە(24)ی ئایاری (2010) لە بابەتێکدا بەناوی «موعجیزەی عێراق» دەنوسێت:»ئەم وڵاتە تواناو وزەی بوون بە عەرەبستانی سعودی تێدایە». ئەگەر دوو ساڵی تر بەرهەمهێنان زیاد بکرێت(زیاتر لە 3 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا لە ساڵی 2012)، کۆمپانیا نەوتیەکان دۆخی ئێستا قبوڵ ناکەن: وەبەرهێنانی قورس، سودی کەم و دابەزینی نرخی بۆرسە لە پەیوەند بە یەدەگی نەوتەوە.

**کۆمپانیا بیانییەکان و حکومەتی تورکیا لە هەوڵی بەکارهێنانی کارتی براوەی کوردستانداان**

سەرباری هەڕەشەکانی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی مافی ئەو کۆمپانیایانەی کە گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانیان لە کوردستان هەیە، کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل و دواتر توتاڵ بەوپەڕی پشتگوێ خستنەوە دەڕوانــنە ئەو هەڕەشانەی حکومەتی عێراقی. خراپتر لەمەش، کۆمپانیا ئەمریکیەکە وەڵامێکی هەڕەشە ئامێز دەداتەوە: فرۆشتنی گرێبەستی خزمەتگوزاری لە ئۆرنای خۆرئاوا، گەورەترین کێڵگەی نەوتی وڵات کە بڕیار بوو تێیدا 50 ملیار دۆلار، بە مەبەستی دوو ئەوەندە کردنەوەی بەرهەمهێنان، سەرمایەگوزاری بکات. بەغداد لە ژێر فشاردایە، ئەگەر خۆڕاگری بکات کۆمپانیاکان، کوردستان هەڵدەبژێرن، تەنانەت ئەگەر یەدەگە نەوتیەکەی یەک لە سەر سێی کێڵگەکانی باشور بێت.

تورکیا هیچ هەنگاوێک لە رێڕەوی هاوکاریدا لەگەڵ عێراقدا هەڵناگرێت، بەڵێنی دامەزراندنی هێڵێکی بۆری راستەوخۆ لە نێوان کوردستان و دەریای سپی ناوەڕاست دەدات. ئایا ئەمە جۆرێکە لە باج وەرگرتن؟ هەرچی بێت بە هەر حاڵ دورە لە ئامانجەکانی ئەمریکاوە. لە بواری نەوتیشدا جەنگ بۆ ئەوان شکستێکی گەورە بوو.

ئالن گرینسپان کە لە ساڵی (1987) بۆ (2006) کە بەرپرسی گەنجینەی فیدراڵ، «بانکی ناوەندی» ئەمریکا بوو لەم رووەوە بەباشی ئاگاداری گرنگی نەوت لە ئابوری نێودەوڵەتیدا بوو، بێگومان لەم بارەیەوە رووداوی خوێناوی نزیکترین فۆرمولبەندی لەگەڵ راستیەکاندا بەیان کردوە: «بەداخەوەم کە دانپێدانان بە بابەتێک کە هەمووان دەیزانن لە بواری سیاسیەوە نەشیاوە: یەکێک لە مەسەلە گرنگەکانی جەنگ لە عێراق مەسەلەی نەوت لە ناوچەکە بوو(5)».

1 – سەردانی بەڵگەنامەی (کتێبەکان،راپۆرتەکان..) لەم سایتەی خوارەوەدا بکەن.

http://www.monde-diplomatique.fr/201303//SERENI/48797

2 – .Greg Muttit, Fuel on the fire. Oil and Politics in Occupied Iraq

Vintage Books, Londres, 2011

3 – بگەڕێنەوە بۆ ژمارەی (2)

4 – وتەکانی تارق شەفیق لە بەردەم لیژنەی پەرلەمانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە خۆرهەڵاتی نزیک و ئاسیای باشور واشنتۆن دی سی 18 تەموزی (2007). Reconstruction in Iraqs oil sector : Running on empty

5 – ئالن گریسپان، سەردەمی زریانەکان جێس سی لاتس پاریس (2007).

**سەرچاوە: سایتی لۆمۆند دیپلۆماتیک**